دەستەی مافی مرۆڤی هەرێم سەرکۆنەی "هێرشی کوتانە" سەر ماڵێک لە سلێمانی دەکات

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی کوردستان رایگەیاند، ڕۆژی سێشەممە هێزێکی ئەمنی نەناسراو هێرشیان کوتاوەتە سەر ماڵێک و چەند کەلوپەلێکیان بردوە، لەسەر ئەو دەسپێیە پێیوەندییان بە ئاسایشی سلێمانییەوە کردوە بێبێ وەڵامیان نەدراوەتەوە، بێیە سەرکۆنەی ئەو حاڵەتە دەکەن، چونکە پێچەوانەی یاسایە و هیچ پاساوێک بە هێرشکوتانە سەر ماڵی خەڵک بەبە بیاری دادگا بونی نییە.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە راگەیەنراوەکدا بەاویکردەوە، ڕۆژی سێشەممە هێزێکی چەکداری ناسنامە نادیار هێرشکوتنە سەر ماڵێک لە شاری سلێمانی، بەوتەی یەکێک لەخاوەن ماڵەکە هێزێکی نادیار بونەو خۆیان نەناساندوە و هیچ فەرمانێکی دادگاشیان پێ نەبوە چونەتە سەر ماڵەکەیان و پشکنینان کردوە و چەند کەل وپەلێکی ماڵەکەیان بردوە.

ئاماژە بەوەشکراوە، دەستەی مافی مرۆڤ وەک ئەرکی خۆی لە چاودێری وبەدواداچون بە پێشێلکارییەکان لە ڕۆژی چوارشەممەوە لەڕێگەی نوسینگەی سلێمانی مافی مرۆڤەوە بەدوا داچونی کرد بە حاڵەتەکە بە ئەو مەبەستەش لای خۆیانەوە پێیوەندیان بە ئاسایشی سلێمانی کردوە بە وەرگرتنی زانیاری بەڵام پێیوەندیکانیان وەڵام نەدراوەتەوە و تا ئێستاش هیچ دەزگایەکی ئەمنی و ئیداری پارێزگای سلێمانی

هیچ ڕونکردنەوەیەکیان نەداوە لەسەر ڕوداوەکەو ناسنامەی ئەو هێزە چەکدارە کە بەوتەی خاوەن ماڵەکە دەیان کەس بوون.

ئەوەشخراوەتەوە، وەکای ئەوەی ئیدانەی ئەو حاڵەتە دەکەن و تەواو پەچەوانەی ڕەکار یاسایەکانە و دژی بنەماکانی مافی مرۆڤەو هیچ پاساوێک نیە بە هیچ دەزگایەکی ئەمنی و سەربازی بە هەڵکوتانە سەر هیچ ماڵ و کەسێک بەبێ فەرمانی دادوەرو لەدەرەوەی یاسا.

لە ڕاگەیەنراوی دەستەی مافی مرۆڤ باس لەوەشکراوە، نیگەرانین لە بە دەنگی و بەاونەکردنەوەی زانیاری لەلایەن دەزگا فەرمیەکانی حکومەتی خەجێی لە سلێمانی لەسەر ڕوداوەکە چونکە پاراستنی گیان و ماڵی خەڵک لەئەستەی ئەو هێزانەیە ناکرە هێزێکی چەکدار لەدەرەوەی یاساو ڕەکارەکان و بە دیاری کردنی ناسنامەیان و بە ئاگاداری لایەنە فەرمیەکان هەڵبکوتنە سەر خەڵک .